# شەقڵاوە لەلایەنی گەشتیارییەوە بۆ کوردستان گرنـــــ

شەقڵاوە بەناوچەیەکی گەشتیاری دادەنرێت کە لەساڵی ١٩٥٢ بۆتە قەزاو ناحیەکانی هەریرو باسرمەو سەڵاحەدین و هیران و بالیســان و زیاتر لــە ١٢٨گوند لەخۆدەگرێت، ئەم قەزایە دەکەوێتــە باکوری پارێزگای هەولێر و ژمارەی دانیشتوانی ســەنتەری شارۆچکەکە ٢٦ هەزار کەسە و بەگشتی ژمارەی دانیشتوانی سنوورەکەشی ١٢٨ هەزار کەســە، هاووڵاتییانی ئەم قەزایە گلەیــی و رەخنەیان لەبارەی کەمی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان هەیە و داوای ئاوڕلێدانەوەی زیاترن، گۆڤاری گوڵان سەردانی شەقڵاوەی کردوو لەنزیکەوە چەند هاووڵاتییەکی دواند، کەســەرەرای ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاری ئاماژەیان بەخراپی کەرتی تەندروستی و شارەوانی و فڕێدانی زبڵ و خاشاک و وشکەساڵی و وشکبوونی باخەکان کرد، پوختەی رەخنەو داواکارییەکانی هاووڵاتیان و وەڵامی پرسیارەکانی (ڕزگار حەسەن) قایمقامی قەزای شەقڵاوە لەم راپۆرتەدا بڵاودەکەینەوە.



# ـــــگە بۆیە پێویستی بە ئاوڕلێدانەوەی زیاتر هەیە

- زۆربەی کۆڵانەکان گرفتی ئاوەڕۆیان هەیە
- گوندەکان پرۆژەی ئاودێرییان پێویستە
- شەقڵاوە بێ پارکە
- باخ و دارودرەختەکان بەرەو وشکبوون دەچن
- وەزارەتەکان ڕۆڵیان لە ئەنجامدانی کارو پرۆژەکان کەمە
- نەبوونی بینایە بۆ داینگاو باخچەی ساوایان
















**کەموکوڕی و گرفتی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان**

هاووڵاتیانی قەزای شەقڵاوەو سنوورەکەی گلەیی و گازندەیان لەسەر کەمی و نەبوونی کارو پرۆژە خزمەتگوزارییەکان دەربڕی، ئەمە لەکاتێکدا ئەم قەزایە بەشارۆچکەیەکی گەشتیاری دادەنرێت، لە گەڕەکی سەرمەیدان هاووڵاتی سەروەت ڕەشید کە ماڵی لەو گەڕەکە بوو کە بەگەڕەکی دووی سایدەکە ناسراوە وتی: ماوەی سێ ساڵە شەقام و کۆڵانەکانی گەڕەکەکەمان هەڵکەندراوەو شەقامەکە دروست نەکراوە و ئێستاکە گرفتی هەڵکەندنی پرۆژەی ئاوەڕۆشی هاتۆتە سەروو کۆڵان و شەقامەکان بەکەڵکی هاتوچۆکردن نەماون بەتایبەتی لەوەرزی زستان منداڵەکانمان لە هاتوچۆکردن بۆ قوتابخانە تووشی زەحمەتیەکی زۆر دەبنەوە، لە ساڵی ڕابردوو لەبەر دەمی ماڵەکەم تا نزیك دوو سایدەکە بۆ هاتوچۆکردن بلۆکم دانابوو، لەلایەکی تر لەبواری خزمەتگوزاری تر وەکو فڕێدانی زبڵوخاشاك کێشە هەیە و ڕۆژانە زبڵوخاشاکی ماڵەکان بەپێی پێویست کۆناکرێتەوەو فڕێنادرێت، بەڵام لەلایەنی خزمەتگوزاری وەکو پەروەردەو تەندروستی و گەشتیاری کارو پرۆژەمان بۆ کراوە، بەڵام شەقڵاوە لەلایەنی گەشتیاری بۆ کوردستان زۆر گرنگە بۆیە پێویستی بە ئاوڕلێدانەوەی زیاتر هەیە. لەگەڕەکی سەفینی سەر مەیدانیش هاووڵاتی ئەحمەد مەجید وتی: بەشێوەیەکی گشتی لە بواری خزمەتگوزارییەکانی ئاو و ئاوەڕۆو فڕێدانی زبڵوخاشاك و کۆڵان و شەقامەکان کێشەو کەموکوڕیمان زۆرە پێویستە پێش هەموو شتێك هەوڵدرێت ئەو پرۆژەی ئاوەی لەژێر جێبەجێکردنە لەکاتی خۆی تەواو بکرێت کە کێشەی ئاویخواردنەوەی قەزاکە بۆ ماوەی چەندین ساڵ چارەسەر دەکات، هاوکات لە گوندەکانی سنوورەکە کێشەی خزمەتگوزاری زۆر هەیە بە تایبەتی نەبوونی پرۆژەی ئاودێری و کەمبوونی ئاوی ژێر زەوی کە سەرەڕای ئەم گرفتە حکومەت ڕێگا نادات بیری سوری لەسنوورەکەو گوندەکان لێبدرێت. لەلایەکی ترەوە نەبوونی ئاوەڕۆ گرفتێکی تری هاووڵاتییانە لەمبارەیەوە هاووڵاتی عوسمان عبدولحەمید پێی وایە لە هەموو گەڕەکەکانی سەرمەیدان و ناو شەقڵاوەش کێشەی سەرەکی نەبوونی ئاوەڕۆی کۆڵانەکان هەیە، هەر بۆیە ڕۆژانە خۆمان دەبێت جۆگەلەکان پاك بکەینەوە، ئەمەش جگە لە پیسی و خراپی بۆ تەندروستی و بۆنی ناخۆش هەراسانمان دەکات و لەگەڵ شارێکی گەشتیاری ناگونجێت، ئەگەر بەمشێوەیەی ئێستاکە خۆمان جۆگەلەکان پاك نەکەینەوە ئەوە دەگیرێن و ئاوی پیسی ماڵان لە ناو کۆڵان و شەقامەکان کۆدەبێتەوە، لەم ماوەیەشدا هەندێ ڕۆژ ماوەی کارەباکە کەمبۆتەوە.مەلا فرهاد کە خەڵکی باسەرمەبوو لە مەسیف سەڵاحەدین کاری دەکرد وتی: بۆ هەندێ مامەڵە دەبێت سەردانی قایمقامیەت و قەزای شەقڵاوە بکەین هەر بۆ نموونە ئێستا ئێمە بۆ مامەڵەی ڕەگەزنامە هاتووینەتە شەقڵاوەو لەم کارەشدا ماندوو دەبین و خەرجی هاتوچۆشمان پێویستە، بەپێویستی دەزانم ئەو مامەڵانەی لە قەزاکە دەکرێت بۆ ناحیەکانی سنوورەکەش بگوازرێتەوە تاوەکو خەڵك هاتوچۆ نەکەن، لەلایەکی تر هاتوچۆکردن ئێستاکە لەناو مەسیف بەدیوی هوتێل میدیاوە زۆر زەحمەت بووە، لەبەر ئەوەی پرۆژەی ڕێگا سەرەکییەکە لەژێر ئەنجامدانەو لەلایەنی ئاویخواردنەوەش بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکە پرۆژەیەکی ئاو هەبوو کە تائێستا تەواو نەبووە و خەڵکی بێ ئومێدبوون لەجێبەجێکردنی. سەبارەت بەنەبوونی پارکێك لەقەزاکە هاووڵاتی حەکیم عەلی لە گەڕەکی گوڵانی سەرمەیدان وتی: پێش هەموو کارو پرۆژەیەك پێویستە پارکێکی شیاو بۆ شەقڵاوە دروست بکرێت، ئەوە بۆ ماوەی دوو ساڵ دەچێت شوێنی پیشەسازی شەقڵاوە بەمەبەستی دروستکردنی ئەم پارکە چۆڵکراوە کەچی هیچ پرۆژەیەك لەمبارەوە دیار نییە، ئەم هاووڵاتییە باسی گرفتێکی تری تایبەت بەتەندروستی کرد ئەویش نەبوونی پزیشکی پسپۆڕو شارەزا و ئافرەتانە لەنەخۆشخانەکە، لەلایەکی ترەوە گرفتی تاپۆنەکردنی خانووەکان وەکو زۆربەی قەزاکان لێرەش هەیە لەمبارەیەوە ئەو هاووڵاتییە وتی: هەندێ لە خانووەکانی سەرمەیدان و شەقڵاوە بەتایبەتی لە گەڕەکی کاوانیان و میراوە کە گوندبووە کەوتوونەتە ناو سنووری شارەوانی تاپۆیان بۆ نەکراوە، داواکارین لەحکومەتی هەرێم بەزووترین کات کێشەی تاپۆی خانووەکانی هاووڵاتیان چارەسەر بکات.

سەبارەت بەلایەنی گەشتیاری کە پێویستە ڕەچاوی ڕێنمایی گەشتیاری بکرێت بەتایبەت لەپرۆژەکانی کەرتی تایبەت تاوەکو دیمەنی گەشتیاری شارەکە نەشێوێنرێت لەمبارەیەوە هاووڵاتی بورهان ڕەسول وتی: لەلایەنی گەشتوگوزاری بەپێی پێویست کار نەکراوەو زۆربەی ئەو پرۆژانەی بۆ گەشتیاری لەلایەن کەرتی تایبەت دەکرێت و تەنیا بیر لە بەرزکردنەوەی بینایەو ئۆتێڵ و مۆتێل دەکەنەوە و کار لەسەر ڕێنمایی گەشتیاری ناکرێت و زۆربەی تابلۆو ناوی دوکان و شوێنەکانیشیان کراوەتە زمانی عەرەبی لەمەدا کەلتورو زمانی خۆمان فەرامۆشکردووە کە ئەمەش بۆ نەوە و دوارۆژمان زۆر مەترسیدارە، هاوکات لە ناو شەقڵاوە ئاوی ژێر زەوی کەمی کردووە، هەر بۆیە زۆربەی بیرو کانییەکانی ناو گەڕەکەکانی شەقڵاوە وشکیان کردووە و باخ و دارودرەختەکانمان بەرەو وشکبوون دەچن و پێویستیان بە ئاودانە، ئەو ئاوەی هەیە تەنیا بەشی پێداویستی ماڵەکان دەکات و لایەنی پێوەنداری حکومەتیش بەتانکەر ئەو باخ و ڕەزو دارودرەختانە ئاو نادات، بەڵام ئەگەر پرۆژەی ئاوەکەی شەقڵاوە تەواو بێت کێشەکەمان زۆر کەمتر دەبێتەوە، سەبارەت بەگرفتی هەڵاوسانی نرخ و گرانی کە لەوەرزی گەشتیاری هاووڵاتییان تووشی دەبن ئەم هاووڵاتییە وتی: نرخی کەلوپەل و سەوزەو میوە لە بازاڕدا بەردەوام لە هەڵکشانە بەتایبەتی لەوەرزی گەشتیاری و هیچ لێپێچینەوەو بەدواداچوونیش لەمبارەوە نابینین. هاووڵاتی قاسم قادر لە گەڕەکی دەنگارە سەبارەت بەشێواندنی ڕووی سروشتی شەقڵاوە وتی: زەوی سنووری شارەوانی قەزاکە بەشی زۆری تا دەگاتە گرد و شاخەکانیش بۆ کابینەو خانووی گەشتیاری بەکار هاتووە، ئەو کەسانەی ئەو پرۆژانەش دەکەن بەدەگمەن خەڵکی قەزاو سنوورەکەن و بیر لە جوانی و پاراستنی ژینگەی شەقڵاوەو سنوورەکە ناکەنەوە، بەڵکو تەنیا بیر لە قازانج و گیرفانی خۆیان دەکەنەوە، هەربۆیە ڕەچاوی جوانی سروشتەکەیان نەکردووەو خەریکە شەقڵاوە کە بەباخ و جوانی سروشت ناسرابوو ئەم خەسڵەتە لەدەست دەدات.

**ماوەی دوو ساڵە شوێنی پیشەسازی شەقڵاوە چۆڵکراوە و بڕیاربوو بکرێتە پارك کەچی تائێستا هیچ پرۆژەیەك لەمبارەوە دیار نییە**



## قایمقامی شەقڵاوە بۆ(گوڵان):

# شەقڵاوە بودجەکەی زۆر کەمەو وەکو قەزایەکی گەشتوگوزاری حسابی بۆ ناکرێت

**بۆ بەدواداچوون لەســەر رەخنەو داواکاریی خەڵکی ســنووری ئیدارەی شــەقڵاوە بەتایبەتی سەنتەری شەقڵاوە، چەند پرســیارێکمان رووبەرووی (ڕزگار حەســن) قایمقامی قەزای شــەقڵاوە کردەوە، کە بەڕاشــکاوانە پەنجەی خستەسەر کەموکورییەکان و داواکارییەکانیان و وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە .**

**سێ ساڵە لەبەر یەك واژوو ماستەرپلانی شەقڵاوە پەسەند نەکراوە**

ســەبارەت بەفراوانبوونی ســنووری شــارەوانی و گەڕەکەکانی نیشتەجێبوون و ئەنجامدانی پرۆژەکان کە پێویستی بە ماستەرپلان هەیە قایمقامی قەزای شەقڵاوە وتی: شــەقڵاوە بەهۆی ئەوەی شوێنێکی گەشتیاری زۆر جوان و ئاوو هەوا خۆشە و سروشتی جوانی چیای ســەفینە، سروشت و کلتوری خەڵکی شــەقڵاوەش کە دەتوانن لەگەڵ گەشتیاران بەباشی و دروســتی هەڵســوکەوت بکەن کــە ئەمانە زیاتر وایکردووە شەقڵاوە بە شوێن و شارێکی گەشتیاری گرنگ و لەبەرچاو بژمێردرێت، ئەمە جگە لەنزیکی لە شاری هەولێرەوە، بۆیە خەڵکێکی زۆری گەشتیار بەبەردەوامی ســەردانی شــەقڵاوە دەکەن، شەقڵاوە ئێستاکە ماستەرپلانی بۆ دانراوە، بەڵام بەداخەوە بۆ ساڵی سێیەم دەچێت ئەو ماســتەرپلانە تەنیا لەبەر یــەك واژوو لەناو وەزارەتی پێوەندار دێ و دەچێت و پەسەند ناکرێت، ئەوەش بۆتە جێگای نارەزایی ئێمە وەکو ئیــدارە لەبەر ئەوەی لە هەمــوو کارو ئیش و پرۆژەیەك پەکمان دەکەوێت و لەبەر پەسەندنەکردنی ئــەو پرۆژەیە لەلایــەك و لەبەرئــەوەی هاووڵاتی خــۆی بەخاوەن زەوی دەزانن و لە هەمان کاتیشــدا حکومەت خۆی بەخاوەن زەوییەکان دەزانێت، بەڵام بە پەسەندکردنی ماســتەرپلانەکە دەتوانرێت کوژاندنەوە بۆ زەوییەکان بەپێی یاساو رێنماییەکان ئەنجام بدرێت و ببینە خــاوەن زەوی و ئەو پرۆژانەی کە دەتەوێت لــە بــواری وەبەرهێنان چ لە بواری گەشــتیاری بێت بــە هاووڵاتیانی بدەیت و ئەنجــام بدرێت، لەو کاتەدا کە ماستەرپلانەکە پەســەند دەکرێت قەزاکە گەشــەکردنێکی باشــترو زۆرتر بەخۆیەوە دەبینێت. لەلایەکی تر بەهۆی دواکەوتنی ماستەرپلانەکە ئەو زەویانەی لەناو ســنووری شــارەوانیین کە زۆربەیان موڵکی تەواوی هاووڵاتیانە کە بەشێکی بەزێدەڕۆیی خانوو و بینا و بەشــێکی کارو پرۆژەی لەسەرکراوە، بۆیە دەتوانم بڵێم ماستەرپلانەکە زۆر گرنگی نەماوە، هەروەها کێشەیەکی ترمان هەیە کە چارەسەرکردنی زۆر زەحمەتــە ئەویــش ئەوەیە کــە خەڵکێکی زۆر زەوییەکانی خۆیان لەکاتــی هەڵمەتی زێدەڕۆیدا بە نایاسایی لە نێوان خۆیان دابەشکردووە و حکومەتیش ئەو زەویانەی دابەشــکردۆتەوە، لێرەدا کێشــەیەکی گــەورە دروســتبووە، چونکە خــاوەن زەوی هەقی خۆیەتی داوای ماف و قەرەبوو بکات و حکومەتیش مافی دابەشکردنی ئەو زەویانەی هەیە.

**وشکبوونی داروودرەختەکان**

سەبارەت بە بڕینەوەی داروودرەختەکانی شەقڵاوە کە زیانێکی گەورە بەشارەکەو ژینگەو کەرتی گەشتیاری دەگەیەنێت قایمقامی قەزای شەقڵاوە وتی: بڕینەوەو نەمان و کەمبوونەوەی داروودرەخت لەناو شارۆچکەی گەشتیاری شــەقڵاوە دەبێتە هۆی لەدەستدانی ئەو دیمەنە جوان و کەشــە فێنك و خۆشــە، ئەمەش بۆ کێشەی وشکەساڵی دەگەڕێتەوە کە لەماوەی چەند ســاڵی ڕابردوو ڕوویداوە و کاریگەریشــی لەســەر قەزاکــەی ئێمە هەبووە کە لــە ئەنجامدا ئاوی ژێر زەوی کەمــی کــردووەو چەندین کانــی و بیر لە شەقڵاوەو لەناو باخ و رەزەکان وشکی کردووە، ئێمەش لەبەر ئەو ڕووبەرە زۆرەی دارو درەختەکان نەمانتوانی بەتانکــەر ئاویــان بدەیــن، چونکە ناو شــەقڵاوە ٦کیلۆمەترە و ئەو ڕووبــەرەش زۆرە و ناتوانرێت بە تانکــەر ئاو بدرێت و بــۆی هەیە یەك باخچە زیاتر لە ٢٠ تانکەری ئاوی بووێت و بە ســەدان باخچەش هەیە، لــە ئەنجامدا دارو درەختێکی زۆر وشــکی کردو کەوتن و لەپاشان خەڵکەکەش ئەو دارو درەختە وشکبووانەیان بڕیوەتەوە. لەلایەکی تر لە ناو هەندێ لە گەڕەکەکانی شــەقڵاوە بەهــۆی کەمبوونەوەی ئاوی ژێر زەوی کێشــەی ئاویخواردنەوەش ڕوویداوە بۆ چارەســەرکردنی ئەو گرفتانــەش پرۆژەیەکی گەورەی ئاو لەژێر ئەنجامداندایە کە ئاو لە ڕووباری قەندیلەوە بۆ مەسیف سەلاحەدین و کۆڕێ و لەپاشان بۆ قەزای شەقڵاوە دێنێت بە تەواوبوونی ئەو پرۆژە ســتراتیژییە دەتوانین بەکارهێنانی ئەو بیرانەی لە ناو قەزاکە هەیە کــەم بکەینەوە بەمەش کانیەکانی لەناو باخ و رەزەکانی ناو شــەقڵاوە هەبوون دووبارە ئاویان تێدا گلبدرێتەوەو بتەقنەوەو ببنەوە سەرچاوەی ئاودانی دارو درەختەکان، هاوکات هەر بەم پرۆژەیەی ئاوی ڕووباری قەندیل کێشەی کەمئاوی لەشەقڵاوە بۆ ماوەی چەندین ساڵ چارەسەر دەبێت.

**لەشەوێکدا ٥٤٠٠گەشتیار دەتوانێت لە شەقڵاوە بمێنێتەوە**

ســەبارەت بە تواناو ڕێژەی حەوانەوەی گەشــتیار لە ناو شــەقڵاوە قایمقامی قەزاکە وتی: شەقڵاوە لەشــەوێکدا نزیکەی ٥٤٠٠گەشتیار دەتوانێت تیدا بمێنێتــەوە، ئەمــەش بە هۆی ئەو ڕێــژە زۆرەی هۆتێــل و مۆتێلی چــوار ئەســتێرەییەوە کە لەم ساڵانەی دوایی دروستکراون تەنانەت ئێستا ئۆتێلی ٥ئەستێرەشــی هەیە و هاووڵاتیانی شارۆچکەکەش باخچەکانــی خۆیان بــۆ پێشــوازی و حەوانەی گەشــتیاران ئامادەکردووە، هەروەهــا ١٢ ئۆتێلی تــر لەلایەن کەرتی تایبەت تــەواو بوون ٦ئۆتێلیش هەر لە لایــەن کەرتی تایبەتەوە لەژێر ئەنجامدانن، دەتوانیــن بڵێین کەرتی تایبەت لەبەرەوپێشــبردنی کەرتی گەشــتوگوزاری لە شەقڵاوە ڕۆڵێکی باش

**زۆربەی تابلۆو ناوی دوکان و شوێنەکان بەزمانی عەرەبی نووسراون و ڕەچاوی زمان و کلتووری کوردی نەکراوە**

## کەرتی تایبەت بیری لە جوانی و پاراستنی ژینگەی شەقڵاوەو سنوورەکەی نەکردۆتەوە

و بەرچاوی هەیە، هاوکات هەر لەلایەن کەرتی تایبەتەوە کارو پڕۆژەی تری گەشتیاری زۆر لە دیزاین و ئامادەکردن و لەژێر جێبەجێکردندان. هەر پڕۆژەیەکی گەشتیاری بۆ شەقڵاوە هەبێت بڕیارەکەی لەلای ئێمەوە تاوتوێ دەکرێت و لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکانی تر وردەکارییەکان دەخەینەڕوو و لەپاش ئەوەی وەبەرهێن زەوی بۆ خۆی دابین بکات و پڕۆژەکە لەگەڵ ماستەرپلانەکەی پەسەند دەکرێت بگونجێت، بەنووسراوێك بۆ سەرووی خۆمان بەرزی دەکەینەوە. هەروەها گەورەترین گرفتمان ئەوەیە کە ئەو بودجەی بۆ شەقڵاوە تەرخان دەکرێت زۆر کەمە، هەر وەکو قەزایەکی تر حیسابی بۆ دەکرێت، لەکاتێکدا هەموومان دەزانین شەقڵاوە قەزایەکی گەشتیاری بەرچاو و ناسراوە. ئەگەر قەزایەکی گەشتیاری نەبین ئەوە دەتوانین تەنیا گرنگی بە کارو پڕۆژەی خزمەتگوزاری وەکو قیرتاو و کۆنکرێت و شۆستە دروستکردنی شەقام و کۆڵانەکان بدرێت یا پڕۆژەی تری هاوشێوەی ئەو کارو پڕۆژانە، بەڵام دەبێت جگە لەو پڕۆژە خزمەتگوزاریانە گرنگی بەبواری کارو پڕۆژەی گەشتوگوزاریش بدەین. لەلایەکی تر ناڵێم پڕۆژە نەکراوە، و ئەو پڕۆژانەی کە ئەنجام دەدرێن زۆربەی لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگایە و وەزارەتەکان ڕۆڵیان لە ئەنجامدانی کارو پڕۆژەکاندا زۆر کەمە بەتایبەتی وەزارەتی شارەوانی گەشتوگوزار و بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.

### سەنتەری قەزای شەقڵاوە و ناحیەکانی گەراج و کوشتارگە پارکێکیان نییە

سەبارەت بە نەبوونی هەندێ کارو پڕۆژەو شوێنی خزمەتگوزاری کە لەلایەن هاووڵاتیانیش گلەیی و داواکاری لەسەرە هەر وەکو نەبوونی پارك و گەراجی ئۆتۆمبیڵ قایمقامی قەزای شەقڵاوە وتی: گلەیی و داواکاری هاووڵاتیان لەم بوارانەوە هەقەو کەس ناتوانێت نکۆڵی لێ بکات هەر بۆ نموونە لە هەموو سنوورەکە بەناحیەکان و سەنتەری قەزاکەشەوە پارکێکیان نییە تاوەکو هاووڵاتیان بەتایبەتی هەژارو کەمدەرامەتەکان ڕووی تێ بکەن، لەم قەزایەی شەقڵاوە تەنیا پارکێکی بچوك هەیە کە ڕووبەرەکەی تەنیا ٥٠٠مەتر دووجایەو کە لەساڵانی پەنجاکان دروستکراوە و ناوچەی پیشەسازی کە ماوەی دوو ساڵە چۆڵکراوە و بڕیاربوو بکرێتە پارکێکی گشتی، تا ئێستا هەروەکو خۆی ماوەو کاری لەسەر نەکراوە، هەروەها کێشەیەکی تری بەرچاو لەناو سەنتەری قەزاو ناحیەکانی سنوورەکەدا هەیە ئەویش نەبوونی گەراجی گواستنەوەیە، لەلایەکی تر کوشتارگەیەکی گەورەو تەندروست پێویست بوو لە شەقڵاوەو مەسیف و هەریر هەبێت لەم لایەنەشەوە فەرامۆشکراوین و چەندین جاریش داوای ئەو جۆرە پڕۆژانەمان کردووە. بەڵام تا ئێستاکە هیچ وەڵامێکمان وەرنەگرتۆتەوە.

### کێشەی ئاویخواردنەوە

سەبارەت بە کێشەی ئاویخواردنەوەو دواکەوتنی تەواوبوونی ئەو پڕۆژەیەی ئێستا لەژێر جێبەجێکردنە قایمقامی قەزای شەقڵاوە وتی: کێشەی کەمئاوی تاڕادەیەك لە ناو سەنتەری قەزاو گەڕەکەکان هەیە، بەڵام بۆ چارەسەری ئەو گرفتانە پڕۆژەیەکی ستراتیژی لە قۆناخەکانی کۆتایدایە، کە ئاو لە ڕووباری قەندیل دێنێت بۆ مەسیف و کۆڕێ و شەقڵاوە و هەموو پڕۆژەیەکیش بەناو ئاوەدانیدا بڕوات هەندێ گرفت و بەربەستی دێتە پێش کە دەبێتە هۆی زەحمەت و تاڕادەیەکیش دواکەوتنی پڕۆژەکە، چونکە ئەو پڕۆژەیەی ئاو زۆر بەربەستی هاتۆتە بەردەمی بەتایبەتی بەهۆی ئەو دوورییەی کە بە ژمارەیەکی زۆر گوند تێپەڕیووە و هەندێك گرفتی کارەباشی هەبوو، ئەمانەش هەر هەموو ئێستا چارەسەرکراوە و پڕۆژەکە لەدواقۆناخە پێشبینی دەکرێت لە کۆتایی مانگی ٧ی ٢٠١٢ پڕۆژەکە تەواوە بێت و دەستبەکارکردن بکات و بچێتە بواری خزمەتکردنی هاووڵاتیانەوە. هاوکات لە گوندەکانی سنوورەکەش کێشەی کەمئاوی هەیە زیاتر لەبەر ئەوەیە کە لەسەرەتای ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان لەدوای ڕاپەڕین هەندێ پڕۆژەی بچوکی ئاویخواردنەوە بۆ گوندەکان لەلایەن چەند ڕێکخراوێکی جیهانی بۆیان ئەنجامدرا، بەڵام ئێستاکە گوندەکان بە هۆی پێشینەی خانووبەرەو زۆر هۆکاری تر زیاتر قەرەباڵغ بوون و ئاستی ئاوی ژێر زەویش دابەزیووە بۆیە ئەو گوندانە پێویستیان بە پڕۆژەی تری ئاو هەیە و لەوانەی کێشەی ئاویان هەیە بیرمان بۆ لێداون و لێرەدا زیاتر کێشەکە دەردەکەوێت و گەورە دەبێت ئەوەیە کە زیاتر لە ١٠گوندم هەیە ماوەی چوار ساڵە بیریان بۆ لێدراوە بەڵام بە تۆڕی ناو ماڵەکان نەبەستراوەتەوە، لەلایەکی ترەوە لێدانی بیری سوری قەدەغەکراوە، چونکە کاریگەری لەسەر بەروبوومی دێمی و خۆرسك هەیە کەوا دەکات ئاوەکە کەم یا وشك بکات لەو کاتەشدا دارو درەخت و بەروبوومی دێمی زۆر وشك دەکات و لەناو دەچن، ئەمەش کاریگەری لەسەر دابینکردنی ئاویخواردنەوە هەیە کە پێشتر بەم ڕێگایە چارەسەری کێشەی کەمئاویمان دەکرد.

### ئەولەویەتی پڕۆژەکان

سەبارەت بە گەڕەکەکانی سەرمەیدان بەتایبەتی گوندی کاوانیان و میراوە کە ئێستاکە گەڕەکن و لەناو سنووری شارەوانی شەقڵاوەدان کە کێشەی نەبوونی ئاوەڕۆ و خراپی شەقام و کۆڵان و شۆستەکانیان هەیە قایمقامی قەزای شەقڵاوە



وتی: ئـــەو شـــوێن و گەڕەکانـــە هەندێکیان بە زێدەڕۆیی دروســـتکراون ئێمە ناڵێین بەرنامەمان بۆ ئەوانە نییە، بەڵام ئێســـتا بەرنامەی جیدی بۆ ئەو شوێن و گەڕەکانەیە کە ساڵانێکە چاوەڕوانی ئەو پڕۆژە خزمەتگوزاریانە دەکەن، ئێمەش ئێســـتا لە بەرنامەو پلانەکانـــدا ڕیزبەندی یەکەمی کارو پڕۆژەکان دەدەینە ئەو گەڕەك و کۆڵان و شوێنانەی نـــاو قەزای شـــەقڵاوە، ئەو شـــوێنانەش هەندێ گەڕەك و شوێنی ســـەرمەیدان و بێترمەیە و ئەو پڕۆژانەی بۆ ئەو شوێنانە دەکەین پڕۆژەی قیرتاو و کۆنکرێت و شۆستەی شـــەقام و کۆڵانەکانە و ئـــاوەڕۆ و باشـــترکردنی کاری هەڵگرتنەوەی و خـــۆ ڕزگارکردنە لە زبڵوخاشـــاکی ناو گەڕەك و کۆڵانەکان.

**لەوەرزی گەشتیاریدا کارەبای زیاترمان پێویستە**

ســـەبارەت بەپێشکەشکردنی خزمەتگوزاری کارەباو ئەو کێشـــەو گرفتانەی لەم کەرتەدا لەقەزاکە هەیە قایمقامی شـــەقڵاوە ئاماژەی بەوەدا کە ئێســـتاکە لەناو هەموو شـــەقڵاوە تۆڕی کارەبا نوێکراوەتەوە و لەمـــاوەی ڕابـــردوو کارەبـــا زۆر دەکوژایـــەوە، بەڵام ڕێکەوتنێکمان لەگـــەڵ فەرمانگەو لایەنی پێوەنداری کارەبا کردووە کە لەمەودوا ڕۆژانە تەنیا دوو تا سێ کاتژمێر کارەبا لە شەقڵاوە ببڕێت تاوەکو زیاتر گەشتیاران لە گەشـــتەکانیان سوودمەندبن، پێویستە لە قەزایەکی گەشـــتیاری وەکو شەقڵاوە زۆر کەم کارەبا ببڕێت بەتایبەتی لەوەرزی هاویندا تاوەکو ئارەزووی گەشـــتیار لەســـەر هاتنیان زیاتر بێـــت، لەلایەکی ترەوە کەموکوڕیمان لە ئۆتۆمبێلی سەلەی کارەبا هەبوو بۆ چاککردنەو پچڕانی تۆڕی کارەبا، بەڵام ئێســـتاکە لەبری یەك ئامێری ســـەلە کارەبا سێ سەلەمان بۆ هاتووە، لەڕووی میلاکاتەوە کەموکوڕیـــەك تـــا ڕادەیەك هەیە، بـــەڵام بەهیچ شـــێوەیەك لە هیچ بوارێك کاریگەری سلبی لەسەر ئیش و کارەکانمان نەبووە.

**دەسەڵاتی ئیداریی و دارایی**

ســـەبارەت بەدابەزاندنی دەسەڵات و هەبوونی یەکەی ژمێریاری قایمقامی قەزای شەقڵاوە وتی: من زۆر بە ڕاشـــکاوی دەڵێم لە زۆربـــەی کۆبوونەوەکاندا کە ئەنجـــام دەدرێت باس لەوە دەکرێت کە دەســـەڵاتەکان بۆ خوارەوە دادەبەزن، چونکە دابەزاندنی دەسەڵاتەکان وادەکات باشترو خێراتر کارو ئیش و مامەڵەو پڕۆژەکان ئەنجام بدرێت و لەگەڵ بەڕێز وەزیری ناوخۆش باسی دابەزاندنی دەســـەڵاتەکانمان کـــردووە، چونکە زۆر جار لە هەندێ کارو ئیشـــی بچوك دەبێت نووســـراو بۆ ســـەرووی خۆمان بکەین و ماوەیەکی باشـــیش چاوەڕوانی ڕەزامەندی و وەڵامدانەوەین هەر بۆ نموونە بۆ قوفڵێکی بچوکـــی تۆڕی ئاو کە لەکار بکەوێت یا پێویستی بەگۆڕین بێت دەبێت نووسراو بۆ لایەنی پێوەنداری ســـەرووی خۆمان بکەین پاش ڕەزامەندی ئینجا کارەکـــە ئەنجام دەدەین، ئەمەش زۆر لەکات و ڕۆتین دێنێتە پێشمان و بەربەستیشە لەبەر خێراکردنی کارەکانمان، بەهۆی ئەو نەبوونی دەسەڵاتانە ناتوانرێت کارەکان بەباشـــی و بەپێی پێویست جێبەجێ بکرێت. بەڵام وەکو بڕیار دابەزینی دەسەڵاتەکان ئومێد دەکەم بەزووترین کات بێتە بواری کارکردن و بڕیاری دانانی یەکـــەی ژمێریاریـــش بۆ یەکە ئیداریـــەکان هەیە و چاوەڕوانی دەستبەکاربوون و ئەنجامەکەی دەکەین کە بۆ بەهێزبوونی یەکە ئیدارییەکان پێویستە.

**کێشەی کەرتی پەروەردە**

ســـەبارەت بە کێشـــەو گرفتـــی کەرتی پـــەروەردە بەتایبەتی لەڕووی میلاکات و بینایەی قوتابخانەوە قایمقامی قەزای شەقڵاوە وتی: کەرتی پەروەردە لە سەنتەری قەزاو ســـنوورەکە زۆر باشە و ژمارەیەکی باش بینایەی قوتابخانە دروســـتکراوە، بەڵام ئەوەی گلەیـــی و داواکاریمـــان لەمبوارە لەســـەری هەیە نەبوونـــی بینایەیـــە بۆ داینگاو باخچەی ســـاوایان بۆیە بە پێویســـتی دەزانین هەڵمەتێك بۆ ئەو بوارانە بکرێت و گرفتی میـــلاکات هەیە ئەویش ئەوەیە کە

## دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی قەرەوێڵەیی لەنێوان ناحیەی هەریرو باسرمە جێبەجێ نەکرا

ئەو مامۆستایانەی لە ســـنوورەکە دادەمەزرێن پاش ماوەیەکـــی بە واســـیتە یا بە هـــەر ڕێگایەك بێت خۆی دەگوازێتەوە و لـــە هەندێ گوندیش کە ٣٠تا ٤٠قوتابیان هەیە وتەنیا یەك مامۆســـتا وانەیان پێ دەڵێتەوە، ئەمەش کێشـــەیەکی پەروەردە و فێربوونی گەورەیە و یـــا نەبوونی هەموو قۆناغەکان لەهەندێ لەگونـــدەکان بە تایبەتـــی قۆناغەکانی ٧و٨و٩ نییە ئەمـــەش وایکردووە قوتابیـــان زەحمەتی لە هاتوچۆ دەبینن و ئەمە زیاتر بۆ قوتابیانی کچ زەحمەتە و هەر لەبەر ئەمەشـــە هەندێك خێزان کچەکانیان لە خوێندن دادەبڕێن. بۆیە لێـــرەدا داواکارین بە هەر ٥ گوندی نزیك یەك بینایەکی تـــەواوی قۆناغەکانی بنەڕەتی لێ دروست بکرێت و ئەو کێشانەی لە گوندەکان هەیە چارەسەر دەبێت.

**کەموکوڕی تەندروستی**

لەکۆتایـــدا قایمقامـــی قەزای شـــەقڵاوە ئاماژەی بەوەدا کە نەخۆشـــخانەیەکی باش لە ناو ســـەنتەری قەزاکـــە هەیە و لـــە ناحیەو سنوورەکەشـــدا کەرتی تەندروســـتی کێشەو گرفتی کەمە، تەنیا لەوە نەبێت کە لە نەخۆشـــخانەی ناو شـــەقڵاوە پێویســـتمان بە تیمێکی پسپۆڕی نەشتەرگەری هەیە و هەندێ جار لەکاتی نەشتەرگەرییەکاندا دەبینین و دەڵێن پزیشکی هۆشـــبەرمان نییە و لە هەندێ ئامێرو داودەرمانیش کەموکوڕیمـــان هەیە و بڕیاربوو لـــە نێوان ناحیەی هەریرو باســـرمە نەخۆشخانەیەکی چەند قەرەوێڵەیی دروســـت بکەن و ئەمەش تائێســـتاکە لەبەر نەبوونی بودجە جێبەجێ نەکراوە.

